# بیناسازی شوێنەواری و کەلەپوری لە شاری کفری و ڕۆڵی لە ئابووری گەشتیاری

**گەشبین شەماڵ حمه حسن**

بڕوانامەی ماستەر، زانکۆی تاران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بصره

**ڕابەر ئەنوەر علی**

بڕوانامەی ماستەر-زانکۆی تاران

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/١٧ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە**

شاری کفری یەکێکە لە شارە کۆنەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لە(هەزارەی چوارەم و سێهەم پ.ز) دا ئەم ناوچەیە هاوشانی شارە گەورەکانی وەک بەغداد، بصره، هەولێر و موصل بووە، دەکەوێتە لەسەر ڕێگەی ستراتیژی و بازرگانی لە نێوان وڵاتی ئێران و دوو ڕووبار سەردەمی ئیسلامدا بە دیاری کراوی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەمەش وای کردووە شاری کفری خاوەنی چەندین پاشماوەی بیناسازی شوێنەواری گرنگ وەک(، قزلەر قلعەسی، کۆشکی زەنگی و بیناسازی حکومی و خانووی زەنگین و خانووی ئاسایی). ئەمەش لە دواتردا بۆتە مایەی پەرەپێدان بە شارەکە و دروستکردنی بینایی میری (گشتی) وەک سەرا، قشلە، پۆلیس خانە، قەیسەری و گەرماوی تێدابێت، بۆتە پەرەسەندن و فراوان بوونی سنوری شارەکە. ئەم شارە زیاتر لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بەدەردەکەوێت و بە ناوی (زەنگاباد) وە دواتر بە (صلاحییە) وەک ناوەندی قەزاکە هاتووە، لە دواتردا نیپور لە گەشتەکەیدا بە (کرفە) ناوی بردووە. بێگومان هەڵکەوتەی جوگرافیای شارەکە کەوتۆتە سەر سنوری نێوان هەر دوو دەوڵەتی سەفەوی – عوسمانی وە لە دواتردا لە ململانێی میرنشینی بابان – دەوڵەتی عوسمانی، هۆکار بوو بۆ پەرەسەندنی لە ڕووی کارگێڕی و سەربازیەوە بە نمونەی فەرمانگەی پۆلیس، قشلە و سەرا کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. لێرەدا ئامانجمانە ڕووی شوێنەواری بیناسازی حکومی بەو نمونانە بخەینە ڕوو کە ڕۆلیان لەڕووی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە، شاری کفری بە مەبەستی پاراستن ،ناساندنی کەلەپور و شوێنەواری شارەکە بە ناوخۆ و دەرەوە.

**کلیلی وشەکان:** کفری، شوێنەوار، کەلەپور، بیناسازی، دەوڵەتی عوسمانی.

**Abstract:**

The city of Kifri is one of the ancient cities of Mesopotamia (the Fourth and Third Millennia BC) and the region, is similar to the major cities such as Baghdad, Basra, Erbil, and Mosul, in terms of its strategic and commercial importance during the Islamic era. It became a notable city during the Ottoman Empire, making Kifri home to several important historical and Archaeological landmarks, such as (Qazlar Castle, the Zangi Palace, and the governmental buildings, as well as the homes of wealthy and influential families). This later became a source of development for the city, with the establishment of several key public buildings, such as the Sarai, Qashla, Police Station, the Qaisariya and the market area, which enhanced and expanded the city's borders.

The city, which was primarily known during the Ottoman period, was called "Zangabad" and later became "Salahiyya" as a centre of the Qaza, and then changed to "Krefa" during its later periods. Undoubtedly, the geographical location of the city, which lay on the border between the Safavid and Ottoman empires, and later in the conflict between the Babani rulers and the Ottoman Empire, played a crucial role in shaping its administrative and military structure. Examples are the establishment of the Police Station, Qashla, and Serai, which reflect the final phases of the Ottoman Empire's governance. The goal was to enhance the role of these governmental buildings in promoting tourism and protecting the cultural heritage of Kifri, as well as introducing the city locally and internationally.

**Key terms:** Kifri, Archaeology, public buildings, Qashla, Ottoman Empire.

**ئامانجی توێژینەوە:**

بە دیکۆمێنت کردنی تەلارە میریەکان لە شـاری کفری وە ناسـاندنی و دەرخسـتنی لەسـەر نەخشـەی شـوێنەوار و کەلەپوری ناوچەکە. ڕاکێشـانی سـەرنجی زیاتری لێکۆڵەران بۆ لێکۆڵینەوە و نۆژەنکردنەوەیان هەروەها پاراسـتنیان لەنێو چوون.

**پێشەکی:**

شاری کفری یەکێک بووە لە شارە دیارەکان لە ڕووی ئابوریەوە لە ناوچەکە بە هۆکاری هەڵکەوتەی لە نێوان باکور و باشور وە بوونی لە سەر ڕێگەی بازرگانی، ئەمەش وای کردبوو کە شارەکە پێگەیەکی گرنگی هەبێت لە ڕووی سیاسی و بازرگانیەوە. چەند تەلارێکی میری بوونیان هەیە لە شارەکەدا وەک (قشلە و سەرا) لە نێو شارەکە هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسـمانیەوە تا هاتنی ئینگلیز و دروسـت بوونی دەوڵەتی عێراق . نۆژەن کردنەوەی ئەم تەلارانە گرنگیەکی مێژوویی و شوێنەواری هەیە کە دەبێتە ناساندنی مێژووی شارەکە بە نەوەی نوێ و ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ناوچەکە، لە ئەنجامدا دەبێتە جوڵەیەکی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجانی شارەکە لە بوارە جیاوازەکاندا.

**بەشی یەکەم : تەوەرەی یەکەم: مێژووی شاری کفری**

مێژووی ژیانکردن لە شـوێنی ئێسـتای شـاری کفری دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠٠ سـاڵ ئەوەش بە پشـت بەسـتن بەو دەسـتنوسـانەی لەم شـارە نوسـراوە کە ئاماژە بە بوونی قوتابخانەیەک دەکات بە ناوی (زەینەڵیە) لە دەسـتنووسـی (حاشـیە علی السـید شـریفە) کە محیدالدین کوڕی مسـتەفا لەبەری گرتۆتەوە لە سـاڵی ١٠٣٤ کۆچی بەرامبەر بە ١٦٢٤

زاینی وه له ههمان ساڵدا (رساله فی الادب) نوسیوه ههر بۆیه ئهم ڕێبازی ڕۆشنبیریه و خوێندهواریه درێژهی ههبووه لهم شارهدا تا کۆتا خانهقا له ساڵی ١٣,٧ کۆچی تێدا بنیادنراوه(رئوف، ٢٠٠٨: ١٣٤).شاری کفری سهرهتایی ئیسلام و هاتنیان بۆ ناوچهکه و پاشان سهردهمی ئهمهوییهکان و سهرهتایی سهردهمی عهباسییهکان به هیچ شێوازێک باسی نهکراوه، تاکو هاتنی مهغۆلهکان بۆ ناوچهکه به سهرکردایهتی (هۆلاکۆ) له ساڵی ٦٣٣ کۆچی و دوای هێرش کردنهسهر شارهکانی ههولێر و داقوق(دقوقاء) له ساڵی ٦٣٤ کۆچی ڕوویان له شاری بغداد کرد و گه شتنه شاری سامهرا( سرمن رای) و زهنگاباد(نزیک تکریت) له نێوان ڕووباری دیجله-فرات، ڕووبهڕووی لهشکری عهباسییهکان بونهوه، پێدهچێت ئهم زهنگابادە خودی (قەرەئۆغلان) بوبێت، وه کفری ناوهندی سنجقی زهنگاباد بووه(عزیز،٢٠١٣، لا ٢١-٢٥). له سهردهمی دهوڵهتی عوسمانی و سوڵتان سلێمان قانونیدا(١٥٣٤ زاینی) عێراق دابهشکرا بهسهر چهند ویلایهتێکدا، کفری یهکێک بوو له سنجقهکانی سهر به ویلایهتی بغداد(البرواری: ٢٠٠٩، لا ١٥١).دوبریه له ساڵی( ١٨٠٧ زاینی) شاری کفری به گوندی سهد ماڵهی ناوبردووه(دوبریه،٢٠١١: ٨٨) گهڕیده(جیمس بکینگهام) له گهشتهکهیدا بۆ عێراق له ساڵی( ١٨١٦ زاینی)سهردانی شارهکهی کردووه باس له شورا و ڕووباڕ دهکات که به ڕۆژههڵاتی شارهکهدا تێپهڕیوه به تهنیشت شوراکدا، چێشتخانه و قاوه خانه ههبووه بۆ پێشوازی ڕێبواران و بێکارانی شارهکه، شارهکه کهوتۆته سهر ڕێگهی نێوان ئهستمبول – بغداد به تایبهتی بۆ پۆستهی نامه و کاروانی بازرگانان(بکینگهام:١٩٦٨، لا ١٥٥-١٥٧). له ساڵانی دواتردا چهندین گهڕیدهی تر سهردانی شارهکهیان کردووه وهک (جێمس ڕیچ(١٨٢٠زاینی)، ژان ئۆتهر(١٨٢٤ زاینی) و چهندانی تر).

کفری له سهدهی نۆزدهههمی زاینیدا به تهواوی پێشکهوت و ئاوادانی بهخۆیهوه بینیوه، به هۆی شوێنه ستراتیژیهکهیهوه که وهک ڕێگایهکی بازرگانی و بهستهری ههر چوار ئاراستهکهی باکور و باشور وه ڕۆژههڵات و ڕۆژئاوا بوو. که ئهمهش ببوه هۆی که زۆربهی گهڕیدهکان ڕووی تێبکهن که دههاتنه ناوچهکه و به ئاراستهی کهرکوک یان سلێمانی دهڕۆشتن و له نێو کفریدا دهمانهوه. له سالنامهی عوسمانی تایبهت به ویلایهتی موصل هاتووه که ناوهندی قهزای صلاحیه -لیوای کهرکوک ی سهر به ویلایهتی موصل، له ساڵی ١٣٠٨ کۆچیی یهک ناحیه ههبووه به ناوی (قره تهپه)(ساڵنامه، ١٣٠٨: ١٢٩) بهڵام له ساڵی ١٣١٠ کۆچیی ناحیهیهکی تریش خراوهته سهری به ناوی (طوز خورماتوو)(ساڵنامه، ١٣١٠: ١٨٧).

لهسهر ههڵدانی میرنشینی بابان و فراوان بوونی سنوری دهسهڵاتی فهرمانڕهواییهکهیان که بۆته مایهیی ڕووبهڕوو بونهوهی سهربازی له نێوان میرنشینی بابان و والی بغداد سهر به دهوڵهتی عوسمانی، ههر بۆیه زۆر کات سنوری دهسهڵاتیان گهشتۆته شاری کفری بهڵام هیچ کات نهیان کردۆته پایتهختی میرنشینهکهیان(عزیز، ٢٠١٣: ٣٤-٤٠) له سهرهتای سهدهی بیست و رودانی جهنگی جیهانی یهکهم و کۆتایی هاتنی ده سهڵاتی عوسمانیهکان، دواتر دابهش کردنی ناوچهکه و عێراق بهسهر چهند ویلایهت دا، شاری کفری ههروهک قهزایهک سهر به کهرکوک مایهوه(عزیز:٢٠١٣، ٦١). به بۆچوونی تهها باقر و فواد سفر ناوی کفری له (کفر) هاتووه که له زامنی عربیدا به واتای قیر(کبرو) دێت که له زمانی بابلی و ئاشوریدا ههمان واتای ههیه(باقر:طه، سفر:فواد: ١٩٦٥، ٣٨).

**تەوەرەی دووەم: بیناسازی میری لە شاری کفری**

شـــاری کفری هەرچەنـدە زۆر لە پیشـــتر وەک سـەنجەقێـک لە ڕووی کـارگێڕیەوە سـەر بە ویلایەتی بەغـداد بووە(البرواری، ٢٠٠٩، لا ١٥١) پاشـان بۆتە قەزایەک لە لیوای کەرکوک سـەر بە ویلایەتی موصـل لە ڕووی کارگێڕیەوە، بەڵام بە ڕوونی دیار نیە کە لە سـاڵی چەند کراوەتە قەزا وە هەروەها ئاماژە بە هیچ جۆرە بیناسـازیەکی میری نەکراوە تا لە سـاڵنامەی دەوڵەتی عوسـمانی مێژووی هەندێک لە بیناسـازیەکان بەدیار دەکەوێت(سـاڵنامە، ١٣٠٨، لا ١٢٩). هەر ئاوەدانیک کرابێتە قەزا ئەوا پێویسـتی بە هەندێک فەرمانگەی میری هەبووە هەر بۆیە لێرەدا باس لەو بیناسـازیە میریانە دەکەین لە ڕووی شـوێنەواریەوە کە پێک هاتوون لە چەند نموونەیەک وەک( فەرمانگەی پۆلیس، سـەرا و قشلە)(نەخشەی ١).




نەخشەی (١) شاری کفری شوێنی فەرمانگەی ( پۆلیس، قشلە و سەرا)(توێژەران)

**یەکەم/فەرمانگەی پۆلیس:**

فەرمانگەی پۆلیس دەکەوێتە باشـووری ڕۆژئاوای شـارەکە و بەرامبەر بە سـەرا بنیاد نراوە. مێژووی بیناسـازی فەرمانگەکە بەشـێوەیەکی ڕوون دیار نیە بەڵام بە پێی تەرز و ڕەگەزە بیناسـازیەکەی بێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سـەردەمی دەوڵەتی عوسـمانی وە لە ڕووی هەڵکەوتەی شـوێنەکەیەوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شـاری کفری و بەرامبەر سـەرای شـارەکە دەکات کە لە نێوان هەر دوو تەلارەکەدا(بیناکە) ناوچەیەکی فراوان بەشـێوەی فولکەیەک(بازنە) دروست بووە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**-نەخشە سازی بیناسازی پۆلیس خانە:**

ڕەگەزە هونەریەکانی بیناســـازی لەم تەلارەدا بریتی بوون لە کەوانە و پایە بۆ ڕاگر. بیناکە لە دوو نهۆم پێک هاتووە(وێنەی ژمارە٢)، ڕووکاری پێشـــەوە نهۆمی یەکەم ڕازێنراوەتەوە بە بوونی دەرگایەک لە ناوەڕاســـتدا، لە لای چەپیەوە ١ پەنجەرە و لە لای ڕاســـت ٣ پەنجەرە دروســـکراوە وە نهۆمی دووەمدا ٩ پەنجەرە دروســـت کراوە کە ٦ دانەیان بە شـێوەی چوارگۆشـەن و ٣ پەنجەرەی تر شـێوە تاقی تێدا دروســت کراوە لە لای چەپی ڕووکارەکەیدا. لە بەشـی سـەرەوەی نهۆمی دووەم و ناوەڕاستی تەلارەکە کراوەیەکی بازنە دروسـکراوە کە بۆتە شـێوازی ڕازاندنەوە بۆ تەلارەکە.

بە هۆکاری کاریگەری ســروشــتی و مرۆیی بیناســازی فەرمانگەکە دووچاری داڕووخان و لە نێوچوون بۆتەوە وە نەبوونی تۆماری مێژووی کە ئەمەش وای کرد نەتوانین شـێوازی هونەری ئەندازیاریەکەی وەربگرین لە ڕووی پێوانەی و شـێوازی بیناسـازیەوە. وەک ئەوەی لەوێنەی( ژمارە ١) بەدەر دەکەوێت کە سـاتی ڕووخاندنی تەلارەکەمان نیشـان دەدات. وەک لە لێکۆڵینەوە مەیدانیەکەماندا بەدەر دەکەوێت، ماددەی بەکارهاتوو لە تەلارەکە(بیناکە) بریتیەلە بەرد، گەچ بە شـێوەیەکی سـەرەکی گڵ بۆ سـەقفەکەی بەکارهاتووە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسـەر یەکەکان و بەشەکانیدا هاتووە وەک گۆڕینی دەرگا و پەنجەرەکانی لە تەختەوە بۆ ئاسن.



وێنەی ژمارە (١) ساتی ڕووخانی تەلاری فەرمانگەی پۆلیس (توێژەران)



وێنەی ژمارە(٢) ڕووکاری پیشەوەی فەرمانگەی پۆلیس(توێژەران)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دووەم/قشلە:**

قشلەی دەکەوێتە باکوری شارەکە و لە بناری شاخی باوە شا سوار، هەڵکەوتەی شوێنەکەی سەلمێنەری مەبە ستی بنیادیەتی کە دەڕوانێت بەسەر تەواوی شارەکەدا. مێژووی قشلەی شاری کفری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٠٠ کۆچیی(نەریمان،١٩٩٤،لا ١٣) وشەی قشلە: بە مانای خان یان ماڵی زستانە،جێگای گەرم یان بە مانای زستانە هەوار یا هەرواگەی زستانە دێت(محمد:زیاد، اسعد: جمال،٢٠١٩، ١٩٨). شوێنی جوگرافیای قشلە دەکەوێتە دامێنی چیای باوە شاسوار لە باکوری شار و نزیک گۆڕستانەکە(وێنەی ژمارە ٣)، ڕووکارەکەی بە ئاراستەی باشورە و یەک دەرگای سەرەکی هەبووە. لە ئێستادا بە شێکی کەمی تەلارەکە بە ڕاوەستاوی ماوەتەوە، ئەوەش لە دوای ئەوەی کە ڕژێمی پێشووی عێراق هەستا بە فرۆشتنەوەی بە هاوڵاتیان(عزیز، ٢٠١٣، لا ١٣٨) لە دواتردا دەستکرا بە ڕووخاندنی وە بنیاد نانەوەی خانوو و تەلاری نوێ لە جێگەکەیدا. ئەوەی ئێمە پێی ڕاگەشتین بەشی باکووری تەلارەکە بوو هەرچەندە ئەو بەشەش تووشی داڕمان بوو وە کراوە بە شوێنی مانەوەی مەڕ و ماڵات.

**-نەخشەسازی بیناسازی قشلە:**

قشڵە لەسەر ڕووبەری (٣١٣٥) متر چوارگۆشە و بە شێوە ئەندازەی لاکێشەیی دروست کراوە(وێنەی ژمارە٣-٤)، کە دابەشکراوە بەسەر ١٨ ژوور و چەند هۆڵێک کە دوانیان بۆ حەوانەوەی ئاژەڵ(ئەسپ) بەکار هێنراوە(عزیز،٢٠١٣، لا ١٣٨) بەڵام "مصطفی نەریمان" دەڵێت: ٤٠ ژوور، داڵان، حەوشێکی گەورە و تەویلەیەکی هەبووە(١٩٩٤، لا ١٣) پێدەچێت ئەم جیاوازیە لەوەدا بێت کە "مصطفی نەریمان" ژوور و هۆڵەکانی پێکەوە هەژمار کردبێت وە حەوەشەکەش کەوتۆتە ناوەڕاستەوە کە وەک حەوشەیەکی ناوەندی بەدی دەکرێت کە بە هەرچوار ئاراستەکەدا دەورە دراوە. بەداخەوە کە بەشی باشور و ڕۆژهەڵاتی داخڕوخاوە و بیناسازی نوێ لە جێگەی بنیاد نراوە، بەڵام بەشی باکور و ڕۆژئاوا بە پێوەڕاوەستاوە کە شێوەی پیتی (L) وەرگرتووە(هێڵکاری ١) بەپێوانەکانی:




وێنەی ژمارە (٣)وێنەی ئاسمانی شاری کفری و شوێنی قشلە ساڵی ١٩٦٧ز(www.Corona. Cast. Uark. edu)




*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی (٤)وێنەی قشلە كە شێوەی ئەندازەی چوار گۆشە دەنوێنێت.




هێڵكاری (١) باڵی باكوور و ڕۆژئاوای قشڵە(توێژەران)




هێڵكاری (٢) ڕووكاری باڵی باكوور و ڕۆژئاوای قشڵە(توێژەران)

باڵی باكور درێژی (٥٤ م) و پانی (٥,٦ م) كە دابەش بووە بەسەر (٩) یەكە بە شێوەی ژوور(هێڵكاری ٢)(وێنەی ٥-٦) كە هەر یەكەیان دەرگای تایبەت بە خۆی هەیە بە ڕووبەری جیاواز. ژووری یەكەم لە ڕۆژهەڵاتەوە پێوانەكەی (٨,٨٠ م)،

دەرگایەک و دوو پەنجەرە تێدایە کە دەکەونە دەستە ڕاست و چەپی دەرگاکە وە دەڕوانێت بەسەر حەوشەکەی ناوەڕاستی قشڵەکەدا(وێنەی ژمارە ٧).



وێنەی ژمارە (٥-٦) ڕووکاری ناوەوەی قشلە (توێژەران)

ژوورەکانی دووەم تاکو شەشەم، ڕووبەریان بریتیە لە: درێژی (٤,١ م) و پانی (٣,٢ م)، ژووری حەوتەم بە ڕووبەری درێژی (٤,١م) و پانی (٣,٥ م)، ژووری هەشتەم هەمان ڕووبەری درێژی ژوورەکانی تری هەیە بە پانی (٢,٨٥ م). پێدەچێت ژوورەکانی تری بە شە داڕماوەکەی قشلە، ژوورەکانی هەمان ڕووبەریان هەبوو بێت کە پێوانەی درێژیەکەی (٥,٨ م)ە.



وێنەی ژمارە (٧)ڕووکاری دەرەوەی ژووری ژمارە(١)(توێژەران)

لە بەشی کۆتاییدا و نۆیەم ژوور درێژی (٨,٣م). ڕووکاری پێشەوەی ژوورەکانی ژمارە (٢، ٤، ٦، ٧) بە یەک شێوە بنیاد نراون کە بریتین لە دەرگا لە ناوەند و دوو پەنجەرە لە ڕا ست و چەپی دا(وێنەی ژمارە٨)، بەڵام ژوورەی ژمارە (٥) جیاوازە ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە شێوەی دەرگاکەی کە بە شی سەرەوەی بە شێوەی کەوانەی نوک تیژە بنیاد نراوە بە پێوانەکانی پانی (٢,٦ م) بەرزی (٢,١ م). لە بە شی سەرەوەی ئەم دەرگاکە شوێنەواری پلە(قادرمە) بەدیار دەکەوێت



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کە پێدەچێت بەکار هێنرابێت بۆ چونە سەربانی قشلە(وێنەی ژمارە٩). ژووری هە شتەم تەنها دەرگایەی تێدایە(وێنەی ژمارە ١٠).

دەرگـای ژوورەکـانی هەموو یەک پێوانەیـان هەبوو پـانی (١,١ م) و بەرزی (٢ م) وە بە کەوانەی نیوە بـازنەی ڕازێندراونەتەوە جگە لە ژووری ژمارە پینج کە پێشـتر ئاماژەمان پێکرد. هەروەها پەنجەرەکان پێوانەیان هاوشـێوەیە کە بریتیە لە پانی (٨٠ سـم) و بەرزی (١,١٠م) وە سـەرجەم ژوورەکانی تاقی دوو بەشـیان تێدایە(وێنەی ژمارە ١١) و بە کەوانەی نیوەبازنەی کۆتایان نەخشـێنراوە وە لە ڕێگەی قامیش و ڕووپۆش کردنی بە گەچ جیا کراونەتەوە کە دابەش بوون بەسەر سێ لای ژوورەکان.



وێنەی ژمارە (٨)ڕووکاری دەرەوەی ژوورکانی(٢,٤,٦,٧)نیشاندانی دەرگا لە ناوەند وە دوو پەنجەرە لە ڕاست و چەپیدا(توێژەران)



وێنەی (١٠) ژووری ژمارە (٨) بالی ڕۆژئاوای قشلە بە پێوانەی دریژی (١٠,٨ م) ماوەتەوە کە دەرگایەک لە ناوەندیدا هەیە و لە دەستە چەپی پەنجەرەیەک.(توێژەران)



وێنەی ژمارە (٩)دەرگای ژووری ژمارە (٥)دەرگای کەوانەی نوک تیژ و پلەکان لە سەرووییەوە(توێژەران)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



**-کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی قشلە:**

لە سەردەمی بنیادنانی قشلە، کەرەستەی بەکار هاتوو دیاریکراو بووە هەر بۆیە کەرەستەی بنیادی قشلە بریتیەلە : بەردی قایە، گەچ و گڵ و دار و قامیش. کە بەردی قایە و گەچ بۆ دروستکردنی دیوار و گەچ بۆ ڕوپۆش کردنی و ڕازاندنەوە و گڵ بۆ گرتنی سەقف بەکار هاتووە وە قامیش بەڕێژەیەکی کەم. دەرگا و پەنجەرەکان دەتوانین بڵێین لە تەختە بوون بەڵام بەهۆی هۆکاری مرۆیی و سروشتیەوە لە نێو چوون و نمونەیەکمان بەردەست نیە.

**سێهەم/سەرای کفری :**

مێژووی دروستکردنی سەرای کفری دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی سەردەمی ئینگلیزەکان لە شارەکە و ساڵی ١٩١٩ زایینی(نەریمان،١٩٩٤: لا ١٤) کە مەبەست لە بنیادنانی سەرا بەڕێوەبردنی کاری حکومەتەکەیان بووە لە شارەکەدا، بێگومان لە هاتنی ئینگلیزدا بۆ عێراق لە زۆربەی شارەکاندا سەرایان دروست کردووە بە هەمان مەبەست بە نمونە سەرای سلێمانی. کە دوای نۆژەنکردنەوەی بۆتە تەلارێکی نایاب و ناسنامەی شارەکە.


هەڵکەوتەی جوگرافیایی سەرا دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کفری و دەڕوانێت بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات کە نزیکترین ڕێگە لە دەرەوەی شار کە بگات بە سەرا ڕێگای کەرکوکە(نەریمان،١٩٩٤، لا ١٤).

**-نەخشەسازی بیناسازی سەرای کفری:**

ڕووبەری تەوای سەرا (١٢٠٠ م) چوارگۆشەیە لە دوو نهۆم پێک دێت، ڕووکارەکەی (١٢,٧ م) درێژە وە لە هەردوو کۆ تاییەکەیدا دەرچوونی هەیە بە (٥٠ سم) وە ڕووکاریان(٢,٦٠ م)، لە لای ڕاست و باکوورەوە و لە دوای شێوە دەرچوونەکەی بە درێژی (٢,٣٠ م) و (٥٠ سم) قوڵی چۆتە ناوەوە کە لە بەشی ناووەی سەرا بۆتە جێگەی پلیکانە بۆ

گەشتن بە نهۆمی دووەم، بەڵام لە لای چەپ و باشوور بە درێژی (١,٨٠ م) و بە قوڵی(چوونە ناوەوە) (٢,١٠ م) سەرا درێژ بۆتووە هەر بۆیە درێژی سەرا بۆتە (٢١,١٠ م) و پانی (٤,٧٠ م)(هێڵکاری ٣ ).

هێڵکاری (٣) پێوانە و نەخشەی سەرا(توێژەران)








وێنەی (١٢) دەروازەی سەرا(توێژەران)


وێنەی (١٣)ڕووکاری دەرەوەی سەرای کفری لە پێش و پاش نۆژەنکردنەوە(توێژەران)

دەروازەی سـەرەکی سـەرا دەکەوێتە ناوەندەوە و سـەرا دەکاتە دووبەش، پێوانەی دەرگاکە بریتیە لە (١,٧٠ م) و پانی (١,٣٠ م) کە بە شـێوازی دەرگای دوو تاکیە(وێنەی ژمارە ١٢)، و چوارچێوەیەکی بە مەبەستی ڕاگیرکردنی بۆ بنیاد نراوە کە ئەستوریەکەی (٣٠ سم) و بەرزی (٢,١٠ م) و پانی (٢ م)، بەشی سەرەوەی دەروازەکە بەشێوەی نیوە بازنە و شەبەکە و توڵی ئاسن ڕازێندراوەتەوە(وێنەی ژمارە١٣).

لە ڕووکاری دەرەوەی سەرا ژمارەیەک پەنجەرە بەدی دەکرێت کە ژمارەیان (٢٠) پەنجەرەیە و بەم شێوەیە دابەش بوون: لە بەشی سەرەوەی دەروازەی سەرەکی سەرا پەنجەرەیەک هەیە بە پێوانەی بەرزی(١ م) و پانی (٥٠ سم)، لە لای ڕا ست و چەپی دەروازەکە لە هەردوو نهۆمەکە (١٢) پەنجەرە هەیە واتا (٦) پەنجەرە لای ڕا ست و (٦) پەنجەرە لە لای

چەپ بە پێوانەکانی بەرزی(١ م) و پانی (٣٠ سم). هەروەها لە بەشە دەرچووەکانی ڕاست و چەپ و لە هەردوو نهۆمەکە ٤ پەنجەرە هەیە بە پێوانەکانی بەرزی (١ م) و پانی (٦٠ سـم). لە بەشــی باکور و بەشــە چوو بە ناوەکەدا تەنها (١) پەنجەرە بوونی هەیە لە نهۆمی یەکەمدا بە پێوانەی بەرزی(١ م) و پانی (٦٠ سم) وە لە بەشی باشووریدا دوو پەنجەرە هەیە لە هەردوو نهۆمەکەدا بە هەمان پێوانەکانی پەنجەرەکانی پێشەوەی سەرادا(هێڵکاری ٤-٥).

هێڵکاری (٤) پێوانە و ڕووکاری دەرەوەی سەرا(توێژەران)




بە چوونە ژوورەوە لە دەروازە سـەرەکیەکە دەگەیت بە دالانێکی سـەر گیراو بە پێوانەی درێژی (٢ م) و پانی (١,٥٠ م) کە لە کۆ تاییەکەیدا دوو پایە لە نێو دیوارەکاندا بنیادنراوە(وێنەی ژمارە ١٤) وە بە شێوە نیوە بازنە کۆتایی هاتوون، بە دەرچوون لە دالانەکە دەگەین بە ڕاڕەویکی نیمچە کراوە کە لە بەردەم تەواوی تەلارەکەدا ساز کراوە بە درێژی (١٩ م) و پانی (١,٣٠ م) بە شێوەی تاقی نیوە بازنەی هەیە.



وێنەی (١٤) دالانی دەروازەی سەرا(توێژەران)


ژمارەی پایەکان (١٠) دانەن بە پێوانەی پانی(٧٠ سم) وە (٩) کەوان بە پێوانەی پانی (١,٢٠ م) کە لە ڕێگەی پایەکانەوە هەلگیراون، تانها کەوانی رووکاری دەروازە ســەرەکیەکە پانی (١,٣٠ م). بە هەردوو ڕووکاری ڕاڕەوەکەدا دوو کەوانەی بازنەی بوونیان هەیە، بێگومان تەواوی ئەو کەوانانە(تاق) بە بەردی تاشــراو و ڕێک ڕازێنراونەتەوە وە لە کۆتا بەشــی بەردەکاندا لە ڕێگەی تولێکی ئاسنین پێکەوە بەرستراونەتەوە(وێنەی ژمارە ١٥).



وێنەی (١٥)تولّی ئاسن بۆ بەستنەوەی بەردی تاقەکان(توێژەران)

لە لای ڕاستی دەروازە سەرەکیەکەوە ٣ ژوور و لە لای چەپ ٣ ژوور هەیە. پێوانەی ژوورەکانی بریتین لە درێژی (٣ م) و پانی (٢ م) بێجگە لە یەکەم ژووری باڵی باکوور و تەنیشت دەروازە سەرەکیەکە کە تەنها (١٠ سم) درێژترە، گشت ژوورەکان دەرگا و پەنجەرەیان لەسەر ڕاڕەوە نیمچە کراوەکەیە. بێگومان چەند ژوورێکیان لە ڕێگەی دەرگای نیوانیان کراونەتە هاوبەش و تێکە دەبن. لە باڵی با شوور و لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا ژوورێک بنیاد نراوە جودا لە تەلاری سەرەکی سەرا بە پێوانەکانی درێژی (٢ م) و پانی (١،٥٠ م) کە لە ڕێگەی دەرگایەکەوە دەچێنە نێو ژووری دووەم بە پێوانەی درێژی (١،٥٠ م) و پانی (٤٠ سم)(هێڵکاریی ٦)، بەڵام لە باڵی باکوورەوە ئەو بەشەی کە پلیکانەکانی تێدا بنیاد نراوە بۆ گەشتن بە نهۆمی دووەمی سەرا پێوانەکانی بریتین لە: درێژی (٢،٣٠ م) و پانی (٢ م)(هێڵکاریی ٧).

**نهۆمی دووەمی** سەرا بە هەمان نەخشەی نهۆمی یەکەم داڕێژراوە بە جیاوازیەکی کەم وەک لە جێگای داڵانی نهۆمی یەکەم ژوورێک بنیاد نراوە(هێڵکاری ٨) وە ڕاڕەوە نیمچە کراوەکە تاقی کەوانەی بۆ بنیادنەنراوە بەڵکو بە شێوەی ئەندازەی چوار گۆشەن بەڵام بە هەمان ژمارەی خوارەوە پایەکەن(ستون) بنیادنراون(هێڵکاری ٩) بەقەبارەی بچوکتر و کراوەی زیاتر کە بەم شێوەیە پێوانەکانیان دابەش بوون:(١) کراوەی ناوەند پێوانەی پانی (١،٦٠ م)، (١) کراوە پانی (١،٤٠ م)، (٦) کراوەکەی تر پێوانەی پانیان (١،٥٠ م)، لە رووی بیناسازیەوە پێدەچێت بۆ کەمکردنەوەی قورسایی بێت لەسەر نهۆمی یەکەم. تەواوی ژوورەکان بەهەمان پێوانەی ژوورەکانی نهۆمی یەکەم بنیاد نراونەتەوە، لە بەشی پلەکان، پلەکان بەردەوامن لە سەرکەوتن بۆ سەربانی سەرا و بە هەر چوار لەکەیدا ستارەی بۆ دروستکراوە، بێگومان ڕووکاری پشتەوەی سەرا دەڕوانێت بەسەر باخچەی فراواندا(وێنەی ژمارە ١٦).






هێڵکاریی (٥) پێوانە و شێوەی پەنجەرەکانی ڕووکاری دەرەوەی سەرا(توێژەران)

هێڵکاری (٦-٧) نەخشەی شوێنی دەرگاو پەنجەرەی نهۆمی یەکەمی سەرا(توێژەران)

هێڵکاریی (٨) نەخشەی و پێوانەی ڕووکاری دەرەوە لە دیووی ناوەوەی سەرا(توێژەران)

هێڵکاریی (٩) پێوانە و ڕووکاری ناووەی نهۆمی دووەمی سەرا(توێژەران)








وێنەی ژمارە (١٦) ڕووکاری ناووەی سەرا پێش وە پاش نۆژەنکردنەوە(توێنژەران)

**-کەرەستەی بەکار هاتوو لە بنیادنانی سەرای کفری دا:**

کەرە ستەی بنیادنان لە کاتی بنیادنانی  سەرادا  سنوردا بووە کە ئەوانیش بریتین لە  مادەکانی وەک: بەرد، قصل و گەچ  بۆ بنیادی دیوار و ڕووپۆش کردن و ئاسن و برغوو بۆ بەستنەوەی و بەهێز کردنی(نەریمان:١٩٩٤، لا ١٤-١٥) و گل بەکار هاتووە بۆ داپۆشینی ئاسنەکان. دەرگای دەروازەی سەرەکی سەرا لە ماددەی ئاسن دروستکراوە بەڵام دەرگای ژوورەکان بە کاریگەری سروشتی و مرۆیی لە نێو چوون بەڵام چوار چێوەی پەنجەرەکان تەختەن و تووڵی ئاسن بەکار هاتووە بۆ نێوەندەکانیان.

لە رووی نەخش و نیگارەوە  هیچی تێدا بەکار ناهاتووە بە هۆکاری بنیادی وەک تەلاری فەرمی میری ،بەڵام وەک پیشتر ئاماژەمان پێکرد بەرد بەکار هاتووە لە ڕازاندنەوەی ڕووکاری دەرەوە و ناوەوەی سەردا کە رەنگیان ڕەساسی کاڵ و مەیلە و سپیە.

جێی ئاماژەیە کە لە ساڵانی دوایدا حکومەتی هەرێم هەستا بە نۆژەن کردنەوەی سەرا لە ساڵی (٢٠٢٢) لەسەر شێوازە بنچینەیەکەی خۆی کە ئەمە جێگای دڵخۆشی و دەست خۆشیە، بەو هیوایەی هەوڵەکان بەردەوام بن لە پاراست و دووبارە نۆژەنکردنەوەی تەلار و خانووە کەلەپوریەکانی تری چارەکە و گەیاندنی گرنگیان بۆ نەوەکانی تر.

**بەشی دووەم: شاری کفری ، مەڵبەندی گەشت و گوزاری گەرمیان:**

دەگمەنن ئەو شارانەی چەندین ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری لە خۆ دەگرن لە سنورێکی دیاریکراودا کە دەبنە هۆکاری گێڕانەوەی چیرۆکی ڕابردوو وە زیندوو هێشتنەوەی میراتی باو باپیران بە گشتی و کوردان بە تایبەت تر. هەڵکەوتەی جوگرافیایی شاری کفری وای کردووە هەر لە دێر زەمانەوە ببێتە ناوچەیەکی ئاوەدان و پێشکەوتوو لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە.

شوێنەوارەکان و خانووە کەلەپوریەکانی شاری کفری هیچیان کەمتر نیە لە تەلارە کەلەپوریەکانی تری ناوچەکە و جیهان کە دەکرێت بکرێتە سەنتەرێکی گەشتیاری گرنگ لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق کە ساڵانە هەزاران سەردانیکاری هەبێت و ببێتە هۆی ناسینی کەلەپور و مێژووی کورد و ناوچەکە بە ناوچەکانی تری عێراق و جیهان، هەروەها سەرچاوەیەکی داهاتی باش بۆ دانیشتوانی شارەکە و دووبارە گەشاندەوە و کرانەوەی شارەکە و ناوچەکە بەڕووی جیهادا. بێگومان ئەم هەنگاوە پێشتر لە شارەکانی وەک کۆیە، سلێمانی ، هەولێر و ئاکرێ وە دواتر لە قشلەی بغداد ئەنجامدرا دوای نۆژەنکردنەوەی خانوو، قشلە و سەرا تێیاندا کە دانیشتوان و گەشتیاران پێشوازیەکی باشیان لێکرد و دووبارە بوونە ناسنامەی شارەکان و ئامرازی بانگەشەی گەشتیاری بۆیان، ئەوەش بە کردنەوەی پێشانگا هونەری ، بازارچە، کافتریا و چالاکی ئەدەبی وەک شانۆ، کۆڕی هۆنراوە وە تەنانەت تۆمارکردنی فلیم ، دراما(وێنەی ژمارە ١٧) پەخش کردنی لە کەناڵە ناوخۆی و ئاسمانییەکاندا. لە ڕووی پەروەردەییەوە، قوتابخانە و خوێندنگاکان گەشتی زانستی بۆ ئەنجام دەدەن کە دەبێتە ناساندنی زیاتری کەلەپوور و شوناس و جوڵەی ئابووری خێراتر و گوڕتر دەکات.

ئێستا ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر هەیە لە بیری نەتەوەکاندا، تایبەت تر لە بیری گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی کە هەوڵ دەدەن لە گەشتەکانیاندا ئاشنا بن بە شوێنەوار و کەلەپوری ناوچە جیاوازەکان لە نێو عێراق، کە ئەمەش چەرخی ئابووری گەشتیاری خێراتر دەکات و تادێت سەرنجی گەشتیاری زیاتر ڕادەکێشت بۆ ناوچەکان کە ئەمانەش خۆیان دەبینێتەوە لە :

-گەشەسەندنی ئابووری ناوچەکە.

-کردنەوەی هۆتێل و مۆتێل.

-کردنەوە و گەرم بوونی بازاڕی چێشتخانە و مارکێتەکان.

-کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری ناوخۆی یان بیانی.

-زیاد بوونی هەلی کار بۆ گەنجان بۆ هەردوو ڕەگەز لە کەرتی حکومی و تایبەت.

لە ئێستادا سەرای کفری بۆتە جێی سەرنج و سەردانی کردنی بەردەوامی دانیشتوانی نێو شار و دەوروبەر کە گەنجان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ بەسەر بردنی چەند کاتێک یان گرتنی وێنەی و بە تایبەتی وێنەی ئاهەنگی هاوسەرگیری سەردانی دەکەن(وێنەی ژمارە ١٨) و دیوار و بەرد و مێژووی سەرا دەکەن بەشێک لە یادگاریە بە جۆشەکانی ژیانی نوێ، بەم شێوەیە سەرا لە بیری نەوەکانی داهاتوو بە نەمری دەمێنێتەوە و نەوە بۆ نەوەی گرنگی زیاتر دەبێت لە بیر و هزری تاکەکانی ئەو شارەدا.




وێنەی (١٧).١.قشلە بغداد و چالاکی شەوانی هاوین، ٢. سەرای کفری و سەردانی کردنی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆی، ٣. کردنەوەی بازارچە لە سەرای سلێمانی، ٤. تۆمار کردنی درامای کوردی لە نێو سەرای سلێمانی(توێژەران)

**-دەتوانرێت سەرا بکرێتە چەند بەشێکەوە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بە نمونە:**

- تەرخان کردنی نهۆمی یەکەم وەک هوتێل و شوێنی مانەوە بۆ گەشتیاران.
- نهۆمی زەمینی دابەش بکرێت بە چەند بەشێکەوە بەم شێوەیە:

-کردنەوەی چێشتخانەیەک لەنهۆمی زەمینی تایبەت بە خواردنە کەلەپوریەکانی ناوچەکە( کوردی،تورکمانی،عربی).

-کردنەوەی مۆزەخانەیەکی کەلەپوری وە نیشاندانی چینە(پیشەوەران) جیاوازەکانی کۆمەڵگەی شاری کفری.

-کردنەوە و ڕازاندنەوەی بەشێکی بچوک لە نهۆمی زەمینی بۆ قاوە خانەیەک وە ئامادە کردنی حەوشی سەرا بۆ دانیشتن و بەسەر بردنی کات بۆ گەشتیاران.

-ئەنجامدانی فیستیڤالی ساڵانە تایبەت بە پێکهاتەی شارەکە لە نێو سەرادا. بانگێشت کردنی کەسایەتی دیاری شار و ناوچەکە و پارێزگاکان، کۆکردنەوەی کەلتور و کەلەپورە جیاوازەکان وە ئەنجامدانی چالاکی جۆرا و جۆر.

-هاندانی گەنجان بۆ ئەنجام دانی بۆنە و ئاهەنگەکانیان لە نێو سەرا.

-سازدانی کۆڕ و کۆ بوونەوەی ئەدەبی و دیبەیت.

-کردنەوەی پیشانگای هونەری و بازارچە بۆ خستنە ڕووی کاری هونەرمەندان و ڕێک خستنی بازار بۆیان.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی (١٨)سەردانی و وێنەگرتنی هاوسەرگیری لە نێو سەرادا(توێژەران)

| سەرچاوە | توێژەران | توێژەران |
|---|---|---|
| وێـــــــنەی تەلاری بەراوردکراو |  |  |



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | |
|---|---|---|
| وێـــــــنەی تەلاری توێژینەوە |  |  |
| ناوی تەلاری بەراورد کراو | **قشلەی بغداد** | **سەرای سلێمانی** |
| ڕەگەزی تەلار | **سەربازی** | **خزمەتگوزاری (بەڕێوەبردنی شار)** |
| ناوی تەلار | **قشلە** | **سەرا** |
| زنجیرە | | |

| زنجیرە | تەلار | ژمارەی ژوور | ژمارەی نهۆم | بارودۆخ | هەلکەوتە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرمانگەی پۆلیس | نەزانراو | ٢ | لە نێو چوو | ڕۆژئاوای شاری کفری | لە جێگای خانوو نوێ بنیاد نراوە |
| ٢ | قشلە | ١٠ ؟ | ١ | خاپور | باکوری شاری کفری | بەکار هێنانی وەک شوێنی مانەوەی ئاژەڵ |
| ٣ | سەرا | ١٧ | ٢ | نۆژەنکراوە | ڕۆژئاوای شاری کفری | ئامادەیە بۆ پێشوازی میوانان |

خشتەی (٢)ئاماری تەلاری میری

**دەرئەنجام:**

١.لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر کاری مەیدانی لە خستنە ڕووی ئەو تەلارانەی تایبەت بوون بە میری و تایبەتمەندی بیناسازیان.

٢.کاریگەری سروشتی و مرۆیی ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە تێکدان و لە نێو بردی بەشێکی گرنگ لە خانوو و تەلارەکان لە شارەکە.

٣.خستنە ڕووی کاریگەری نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و خانووە کەلەپوریەکان لە سنورەکە لە ڕووی ئابووری گەشتیاری بۆ شاری کفری.

٤. بە دیکۆمێنت کردنی تەلاری میری لە شارەکە وەک ئەرشیفێک بۆ پاراستنی تایبەتمەندیەکانی تاکو لە کاری نۆژەنکردنەوەدا پشتی پێببەسترێت.

٥.هاندانی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە سێکتەری گەشت و گوزار بە شێوەیەکی گشتی لە گەرمیان و تایبەتر لە شاری کفری.

**لیستی سەرچاوە:**

**سەرچاوەی کوردی:**


١.**عزیز: سهیل خورشید**، میژووی ناوچەی کفری لە کونەوە تا سالی ١٩٥٨، چ١، چاپخانەی یاد، ٢٠١٣.

٢.**سالنامه عثمانی**: ویلایت موصل، ١٣٠٨.

**٣.سالنامه عثمانی**: ویلایت موصل، ١٣١٠.

**٤.نەریمان: مصطفی**، بیرەوەریەکانی ژیانم، چاپخانەی الحریە، بغداد، ١٩٩٤.

**٥.ریچ:کلودیوس جیمس**،گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و/محمد حەمە باقی،هەلێر، ٢٠٠٢.

٦.**سەفەرنامەی ژان ئۆتەر**، و/محمد حەمە باقی،هەولێر،٢٠١٣.


**سەرچاوەی عەرەبی:**


**١.باقر:طه، سفر: فواد**، المرشد الی مواطن الاثار و الحضاره،بغداد، ١٩٦٥.

**٢.محمد:زیاد احمد، ا سعد:جمال جمیل**،بینا سازی قشله لە کورد ستان لە کۆتایی فەرمانڕەوای عو سمانی(قشلەی ئاکرێ بە نمونە)،شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان،٢٠١٩.

**٣.البرواري: محمد زکي**, الکورد و الدولة العثمانیة موقف العلماء کردستان من الخلافة العثمانیة في عهد السلطان عبدالحمید الثاني, ط١, دار الزمان, سوریا, دیمشق, ٢٠٠٩.

**٤.دوبریه:** رحله دوبریه الی العراق،ت/د.بطرس حداد، م.الشرکه بین الورق، ط١،بغداد،٢٠١١.

**٥.روف، عماد عبدالسلام**.مراکز ثقافیه مغموره فی کردستان،اربیل،٢٠٠٨.


**Website:**


**1.** Corona. Cast. Uark. Edu.